# دەبێت ڕۆژێکی نیشتمانی بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە کوردستان دیاری بکرێت




ڕۆژی ١٦ ئایار، کە وەك ڕۆژی نیشتمانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە عێراق دیاریکراوە، بە داخەوە هیچ ئاماژە و گوزارشتێك بۆ قوربانیانی تاوانەکانی جینۆسایدی گەلی کورد لە خۆ ناگرێت، لە کاتێکدا بەپێی هەموو ئامارەکان، لە کۆی ٣٠١ گۆڕی بە کۆمەڵی سەردەمی ڕژێمی بەعس، زۆرینەی قوربانیانی ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانە، گۆڕی قوربانیانی جینۆسایدی گەلی کوردستان.

دیاریکردنی ڕۆژی ١٦ ئایار، لەسەر ڕاسپاردەی کۆنگرەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بوو، کە لەلایەن ڕێکخراوی ناوەندی عێراقی نوێ لە ١٨/٩/٢٠٠٦ لە شاری لەندنی بەریتانیا سازکرابوو، کە ساڵێك دواتر ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، بە فەرمی ئەم ڕۆژەی وەك ڕۆژی نیشتمانی گۆڕە بە کۆمەڵەکان دیاریکرد و ناساندنی.

بۆ بەرچاوڕوونی هەموو لایەك، ڕاسپاردەکەی کۆنگرەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان بۆ دیاریکردنی ١٦ ئایار، لەسەر بنچینەی هەڵدانەوەی یەکەم گۆڕی بەکۆمەڵ لە ناوچەی مەحاویل لە پارێزگای بابل لە ١٦ ئایاری ٢٠٠٣ بوو، واتا یەك مانگ دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس.. لە کاتێکدا چەندین گۆڕی بە کۆمەڵ، لە پێش ئەو مێژووە لە سنوری هەرێمی کوردستان لە ساڵانی نەوەدەکان و سەرەتای دوو هەزارەکان هەڵدراونەتەوە.

لەگەڵ ئەوەی ڕۆژی ١٦ ئایار، هیچ گوزارشت و ئاماژییەك بۆ قوربانیانی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی گەلی کوردستان لە خۆناگرێت، بەڵام ڕێزگرتن لەم ڕۆژە بەرپرسیارێتیەکی مرۆییە، ئەمەش لە سونگەی بەرپرسیارێتی ئاکاری و مرۆڤایەتیانە بە رێزگرتن لە قوربانیانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، جا لە هەر پێکهاتە ونەتەوەیەك بێت... بەڵام وەك ئەرکێکی بەرپرسیارێتیمان بەرانبەر بە قوربانیانی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی جینۆسایدکراوانی گەلی کوردستان و کەسوکارییان، ئێمە لە نووسەران و چالاکوانان و رێکخراوەکانی بواری جینۆساید، دیاریکردنی ڕۆژێك لە هەرێمی کوردستان وەك ڕۆژی نیشتمانی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، بە زەرورەتێکی حەتمی دەبینین، ئەمەش لە پێناو بە نیشتمانیکردنی ئەم پرسە.

بۆیە ئێمە بانگەواز لە رێکخراوەکان و توێژەران و نوسەران و چالاکوانانی ئەم بوارە دەکەین، کە بە هەموو لایەك هەوڵەکانمان چڕبکەینەوە، تا لە کۆنگرەیەکی تایبەت و بە ڕەزامەندی هەموو لایەك لەسەر بنچینەی بەڵگەی سەلمێنەر، ڕۆژێك لە هەرێمی کوردستان وەك ڕۆژی نیشتمانی گۆڕە بە کۆمەڵەکان دیار بکرێت.

١- رێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید.
٢- رێکخراوی مانەوە بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان
٣- گۆڤاری تۆپزاوە .گۆڤارێکی تایبەتە بە پرسی ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد
٤- ناوەندی داکۆکی پشدەر بۆ قوربانیان و جینۆسایدکراوان
٥- رێکخراوی چیرۆکەکانی ئەنفال
٦- رێکخراوی بەرگری لە قوربانیانی گۆڕە بە کۆمەڵەکان
٧ - هەڵمەتی ژیان نا بۆ ئیعدام لە کوردستان
٨- تۆڕی رێکخراوە کوردستانییەکان بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی - KONCICC
٩- ڕۆژنامەی نوگرەسەلمان
١٠.گۆڤاری گوڵچن
١١- رێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژ لە کوردستان
١٢- تۆڕی ئایکان کوردستان
١٣- رێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان

١٤- محەمەد زرنگ . زیندانی سیاسی و چالاکوانی بواری جینۆساید
١٥- سالار مەحمود . ئەندامی ئەنجومەنی باڵای یەکێتی نووسەرانی جینۆسایدی کوردستان
١٦- مەلا شاخی . نووسەری بواری جینۆساید
١٧- قاسم کازم . چالاکوان و کەسوکاری ئەنفال
١٨- جەبار ئەحمەد . توێژەری بواری جینۆساید
١٩- ئەیاد کاکەیی . پاریزەر لە دۆسیەی ئەنفال و دۆسیەی بارزانیەکان
٢٠- هەدار زوێر بارزانی . پارێزەری کەیسی ئەنفال و جینۆسایدی بارزانیەکان
٢١- شاخەوان قادر شۆڕش . لێکۆلەر لە بواری جینۆساید
٢٢- زەمان عەبدە . سەرۆکی رێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان
٢٣- هابیل احمد کریم . بەڕێوبەری مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ
٢٤- هەڵمەت هۆشیار . رۆژنامەوان
٢٥- سەرهەنگ محەمەد . چالاکوانی بواری جینۆساید
٢٦. لەتیف فاتیح فەرەج . لێکۆڵەر لە بواری جینۆساید
٢٧. عادل مەلا سالح . بەریوەبەری راگەیاندن و پەیوەندییەکانی وەزارەتی شەهیدان و چالاکوانی بواری جینۆساید
٢٨- وەزیرە جەلال سەعید . خۆشکی شەهیدی سەرکردە
٢٩- سەوسەن محەمەد میرخان . کچە ئەنفال، سەرۆکی لێژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان لە خولی پێنجەم
٣٠- - کۆچەر رەشاد موراد . کوڕی شەهید و چالاکوانی بواری جینۆساید
٣١- عەدالەت عومەر . لێکۆڵەر لە بواری جینۆساید
٣٢- ڕۆژان شەهید حەمەڕەش . ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان
٣٣- د. فاتیح سەنگاوی . لێکۆلەر لە بواری جینۆساید
٣٤- سەڵاح کەرکووکی . رێکخەری کاروباری ناساندنی جینۆساید . سوید
٣٥- حازم محمد بلەیی . نوسەر و چالاکوانی بواری جینۆساید
٣٦- فوئاد عوسمان . نووسەر لە بواری جینۆساید
٣٧- گەردە مامە حەمە . چالاکوان و خوشکی شەهید و ئەنفال

٣٨- جەوهەر كانی هەنجیری . فۆتۆگرافەری بواری ئەنفال و کەسوکاری ئەنفال
٣٩- نازدار ئەسعەد محمود . چالاکوان و کەسوکاری جینۆسایدی بارزانیەکان
٤٠- دکتۆر ئیبراهیم مەلا زادە . لێکۆلەر لە بواری جینۆساید
٤١- حیکمت فائق . چالاکوان لە بواری جینۆساید و خاوەنی ١١ شەهیدی خێزانەکەم بە چەکی کیمیاوی
٤٢- دلێر کەریم . نووسەر لە بواری جینۆساید
٤٣- د. عبدالرحمن کەریم دەرویش . پسپۆر لە بواری جینۆسایدناسی
٤٤- هێمن حەسیب . نووسەر و چالاکوانی بواری جینۆساید
٤٥- هاورێ پێشڕەو . پێشمەرگەی دێرین و کەسوکاری ئەنفال
٤٦- عادل مەجید . تاقانەی ئەنفال
٤٧- عەلی مەحمود محەمەد . چالاکوانی بواری جینۆساید
٤٨- ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان